# خەندەو گریان !

**ئەو دەمەی دەربەند بەدربەندی وڵات تاریکە!**
**لەئاسۆوە تریفەی گەشی ئێوە دەبینم،**
**ئەو دەمەی هەموو ڕووبار لێڵن،**
**زوڵاڵی کانیاوی ئێوە دەبینم.**
**هەنگاو هەنگاو توانەوەی سەهۆڵبەندان دەبینم،**
**لێزمەبارانی بەهاری ژینە.**
**زایەڵەیە لەوڵاتی قەقنەسا!!**
**لەناو ژووری خۆف وبەندا،**
**ئازادیە گۆرانی دەچڕێ،**
**هەموو ڕۆژێک خەندە وگریان،**
**خەندەوگریان!!**

**ئەحمەدبەهرامی!**

هەروەک دەزانین ئەمە دووەم خەڵاتی وڵاتی سوێدە، کە بە هەڵسوڕاوێکی بواری چالاکی مەدەنی و ڕۆژنامەوانێکی خەڵکی کوردستانی ئێران دەردێ. ئەم خەڵاتانە هەردووکیان لەماوەیەکی نزیک بەیەک ولەیەک ساڵدا بەعەدنانی حەسەنپوور ڕۆژنامەنووسی بەندکراو و پەروینی ئەردەڵان، ژنە تێکۆشەری بورای تێکۆشانی کۆمەڵایەتی و مافی ژنان درا.

پێشکەشکردنی هەردووک خەڵات بەبێ بەشداری خاوەنەکەیان بەڕێوە چووە!!؟ ئەمە ناسۆرەیە بۆ هەر کەس، کەلەخۆشی ودانی پاداش بەکاری خۆی بێبەش دەبێ. ئەم دووکەسە هەردووکیان خەڵکی کوردستانی ئێرانن، لەوێ لەدایک بوون، لەوێ گەورەبوون و ناسنامەی ئێرانیان هەیە!! ئەمانە وەک هەزاران تێکۆشەری وەک خۆیان، خۆیان ماندوو کردوە بۆ خزمەت بە بەرەو پێش بردنی کۆمەڵگا و پوختەبوونی بنچینەکانی هوشیاری و زانست لەوڵاتی ئێراندا. ئەمانە هەوڵیان داوە مافە بەهادارە ئینسانییەکان بەدەوروبەری خۆیان بناسێنن. تێکۆشاون بنیادەمەکان لەوڵاتی خۆیاندا بۆیان بێت، باسی دەردەدڵی خۆیان بکەن! مافی ڕادەربڕین بۆ کێشەکانی خۆیان ببێت! کەسەکان بتوانن مافی سەرەتایی خۆیان بناسن و ڕیشەی بوون و ئینسانی خۆیان دەرک کەن. هەمووی ئەم مافانە لەلایەن دەسەڵاتدارانی وڵاتی ئێرانەوە زەوتکراوە. لە وڵاتێکدا زۆردژوارە ئینسان تەنانەت وەک تووتی لاسای خاوەنی خۆی بکاتەوە..!

پەروین وعەدنان وەک هەر تێکۆشەرێک هەوڵیانداوە بۆ بەرەوپێشچوونی دنیایەکی کراوەتر!. بۆ دنیایەک بنیادەمەکان بتوانن، هەست بەبوونی خۆیان وەک تاکی هەبوو بکەن!. هەر بۆیەش ئەوەی ئەم قسەی کرد، مەحکوم دەکرێ بەمەرگ. هەر وەک عەدنان بەمەرگ مەحکومە و پەروین بەندکراو ئازاری جسمی و ڕۆحی درا!!؟

**پرسیار ئەوەیە،کە بۆچی وڵاتی سوێد هەڵدەستێ بەدانی خەڵات بە عەدنان وپەروین!!؟ ئەویش بەدوو منداڵ لەنەتەوەی داپڵۆسراو!! کە لەوڵاتی خۆیاندا مەحکوم بەمەرگن؟ بۆچیش** دەوڵەتی خۆیان؟؟؟دەوڵەتی دینی و سیاسی ئێران، دژیانە و لەبەندیان دەخاو مەحکوم بەمردنیان دەکات؟..

ئەوەی لێرە جێگەی پرسیارە ئەوەیە، کە حورمەتی ئینسان وەک هەر بونەوەر، کە مافی بوونی هەیە !! لەم ولاتە ساردو دوورەدەستە ڕێزی هەیە... و دەبێ ئینسان لەسەر مافی خۆی و کۆمەڵ قسەبکات، گۆڕان بەوجود بێنێ وفێر بێ وفێرکات.

ئەمە لەچوار چێوەی دەسەلاتی دینی ئێراندا قەدەغەیە. ولاتێک سەدان ساڵە بەبیری دژی گۆڕان و بە خورافە و خەیاڵ دەژی!!! بۆیەش بۆی گرانە هەڵگرتنی ئاوا هەنگاوێک قەبووڵکات. سەری دەبڕن و ڕەجمی دەکەن. بەناوی یاخی و معامەلەچییەوە!! لەبەر چاوی جەماوەرو لەسەر شەقام هەڵیدەواسن..

کۆماری ئیسلامی ئامادەیە بەهەموو قەڵەم بەدەستانی دواکەوتوو و کۆنەپەرست باشترین خەلات بدات؟ کتێبەکانیان بۆچاپ بکات، دواکەوتووترین فیلمی سەدەکانی ناوەڕاست بەگەورەترین خەرجەوە وەرگێڕیتەوە سەر زمانی فارسی وتەنانەت کوردیش، کەچی ئەوەی دەنگی بۆبوونی کۆمەڵگایەکی کراوەتر هەڵبڕی لەولاتەکەی خۆیدا، بە ناوی کافر و دژی ئەمنییەتی میللی بەمردن مەحکومە؟!

ئەمەچ ولاتیکە!! بۆ دەبێ دڵ بەئێرانێکی ئاوا خۆشکرێ..! ولاتێک ئاوا قەدری بیرمەندەکانی خۆی بگرێ، ولاتێک مەودای قسەکردنی تیانەبێ، ولاتێک ڕەجمی تێدایە و ژن لەئاستی مافی خۆیدا، ئینسانی دەرەجە سێیە، دەبێ شانازی بەکام  مێژووی ئەم ولاتەوە بکرێ..!!

ولاتێکی دووردەستی وەک سوێد؟ لەدوورترین نوکتەی گۆی زەوی!! کاتێک هەڵدەستێ بەناساندن ورێزگرتن لەزەحمەتی ئەم کەسانە. هەوڵدەدات مافی بوونیان بداتێ، بۆ ئەوەی بۆ ئازادی و مافی ئینسان بەدەنگ هاتوون.. ئەمە دەبێ ڕێزی بۆدابندرێ. کوردیش دەستی دۆستی بۆ لای خەڵکێکی ئاوا درێژبکات، کەدان بەبوونی نەتەوە و تێکۆشەر و هەڵسوڕاوانی دادەنێت.

خۆشحاڵم مندالی کورد، لەڕیزی مندالی نەتەوەکانی تردا دەبینم، کە بەقەڵەموو بەهێمای ئازادی خوازیەوە دێنەپێش. خۆشحاڵم کوڕو کچانی کورد دەبینم دێنە پێش و پەردەی تاریکی زۆرداران دەدڕن. دەست بەڕووی دەسەلات و پاوانخوازیەوە دەنێن و هەنگاوی سەربەخۆ هەڵدەگرن.

بێشک ئەوانە بەشێکن لەکاروانی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگای ئازاد و کراوە. ئەوانەن وەک تاکی سەربەخۆو لەسەر پێی خۆیان دێنە پێش، هەنگاوی ڕێکخراوی نافەرمانی هەڵدەگرن. پیرۆزە ئەم خەلاتە دۆستان. دەبێ هەموو بۆ ولاتێک خۆ ماندووبکەین، کەئاوا ڕێز بۆ کەرامەت و ئینسانییەت دانێ..دەبێ خۆ ماندووبکەین کۆمەڵگاکەمان فێربێ، تا ئینسانەکان هەن و زیندوون قەدریان بزانین وقەدریان بگرین. **نەک کە مردن بۆیان بگرین..**

دەبێ هەولی بوونی کۆمەڵگایەک بدەین، ئینسانەکان خۆیان خۆیان بناسن و ناساندن فێربکەن. ئەمە دەتوانێ زامنی ئازادی بۆکۆمەڵگا مسۆگەربکات و هەنگاو بۆ پوختەبوونی هزر و گەشە و پێشکەوتوویی بۆ کۆمەڵگا بنێ.

08/3/10

bahrami_51@hotmail.com